# لیریک لە هۆنراوەکانی «عەبدوڵڵا گۆران» دا
# الشعر الغنائي في قصائد عبدالله گوران

**کانیاو بەکر عەبدوڵا** [1]
[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە ، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(لیریک لەهۆنراوەکانی «عەبدوڵڵا گۆراندا»)دا،سەرنجێکی نوێیە دەربارەی دوولایەن «لیریک،هۆنراوەکانی گۆران» تیایدا هەوڵدراوە لیریک بەسەرجەمی وردەکاریی وئەدگارەکانییەوە بخرێتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی تایبەتێتییە لیریکییەکان هۆنراوەلیریکییەکانی»گۆران»ی پێ دیاریبکرێت.لەبەرئەوەی لیریک پەیوەندی بەچەندین لایەنەوەهەیە وەک»موزیک وگۆرانی»بۆیە لێرەداهەوڵدراوە ئەولایەنانەی ڕاستەوخۆپەیوەندییان بەلیریکەوە هەیەو کاریگەریی وکاردانەوە لەسەریەک دروستدەکەن، ڕونبکرێتەوە. هەربۆیە»موزیک وگۆرانی» بەشێک دەبێت لەم توێژینەوەیە. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی(وەسفیی_شیکاریی)ئەنجامدراوە،کەلیریک وپەیوەندییەکانی بە موزیک وگۆرانییەوە ڕووندەکاتەوەوئەولایەن وهۆکارانەی ڕۆڵیاندەبێت لەدروستبوونی وێنەی شیعریی و شیعرییەت لەشیعرە لیریکییەکانی شاعیردا شرۆڤەدەکات.ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیی ودووبەش وئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتیی دەربارەی لیریک
پاری یەکەم: چەمک، زاراوە، ناساندنی لیریک
پاری دووەم: لیریک لە ڕوانگەی ئەدەبناسان، لێکۆڵەر و بیرمەندانەوە
پاری سێیەم : پەیوەندی لیریک بە موزیک و گۆرانییەوە
بەشی دووەم: لیریک لە هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا گۆراندا
پاری یەکەم: وێنەی شیعریی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا
پاری دووەم:لادانی دەنگیی، واتایی و ڕێزمانیی لە هۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا

**وشە کلیلییەکان:** (لیریک، موزیک، گۆرانی، وێنەی شیعریی، لادان)



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/١٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq |




| | |
|---|---|
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م.کانیاو بەکر عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

هذا البحث بعنوان ( الشعر الغنائي في قصائد عبدالله كوران) اطلاع جديد حول الجانبين( الشعر الغنائي ، قصائد كوران) و فيه تم المحاولة إلى عرض الشعر الغنائي بكافة تفاصيله و خصائصه من جهة و تحديد القصائد الغنائية لكوران حسب مميزات الشعر الغنائي من جهة أخرى .وذلك لأن الشعر الغنائي له علاقة بجوانب عدة كـ( الغناء و الموسيقى) لذا تم المحاولة إلى توضيح الجوانب التي لها علاقة مباشرة بالشعر الغنائي و التي تؤدي إلى حدوث التأثر و التأثير على بعضهما البعض ، لذا يكون ( الغناء و الموسيقى) قسما من هذا البحث .تم إجراء الدراسة حسب المنهج الوصفي-التحليلي و تبين الشعر الغنائي و علاقاته بالموسيقى و الغناء و تلك الجوانب و العوامل التي تؤدي الدور في تشكيل الصورة الشعرية و تحلل أنواع الخروج عن القصائد الغنائية للشاعر، يحتوي البحث على المقدمة و فصلين و النتيجة و قائمة المصادر:

الفصل الأول : رؤية عامة حول الشعر الغنائي .

المبحث الأول : المفهوم ، الإصطلاح ، تعريف الشعر الغنائي .

المبحث الثاني : الشعر الغنائي في رؤية مختصى الأدب و الباحثين و المفكرين .

المبحث الثالث : علاقة الشعر الغنائي بالموسيقى و الغناء .

الفصل الثاني : الشعر الغنائي في قصائد عبدالله گوران.

المبحث الأول : الصورة الشعرية في القصائد الغنائية للشاعر .

المبحث الثاني : الخرووج الصوتي، المعنوي و القواعدي في القصائد الغنائية للشاعر .

**مفتاح الكلمات:** ( الليريك(الشعر الغنائي) ، الموسيقى ، الغناء ، الصورة الشعرية ، الخروج )

## Abstract

This research entitled “Lyric in Abdullah Goran’s Poems” is a new glimpse on two aspects: one is lyric, and the other is about Goran’s poems. The research tries to deal with lyric in depth and details. And in the other hand, it endeavors to identify Goran’s lyric according to lyric’s traits and specialties. In view of the fact that lyric has connections with different genres such as music and singing, this research tries to explain those aspects that directly connect with it. That’s why the research will cover music and singing as its main subject of this study.

This research has been done according to Analytical- Descriptive method, which illustrates the lyric and its connection with music or singing, and those factors that take part in creating poetic (poetical) image, poetics and sorts of deviation from lyric poems of the poet.

The research consists of two sections, conclusion and list of sources: first section: the general perspective about lyric. First subsection: concept, term and introducing lyric. Second subsection: lyric in authors, thinkers and researchers point of views. Third subsection: the connection between lyric and music or singing. Second section: lyric in Abdullah Goran’s poems. First subsection: poetical (poetic) image by Goran. Second subsection: phonetic deviation, semantic and grammatical in the lyric poetry of the poet.

**Key Words:** Lyric, Music, Singing, Poetical Image, Deviation

## پێشەکی:

«لیریک لەهۆنراوەکانی عەبدوڵلا گۆران» دا، توێژینەوەیەکە تیایداهەوڵدراوە، زاراوەو چەمکی لیریک وپەیوەندییەکانی لیریک وموزیک وگۆرانی بخرێتەڕوو، ئەمەش بەپشتبەستن بەهۆنراوەکانی شاعیر ئەنجامدراوە وشیعرە لیریکییەکانی شاعیربەنمونە هێنراونەتەوەو وێنەشیعرییەکان ولادانەدەنگیی ورێزمانیی و واتاییەکان لەهۆنراوەکانی شاعیردا دەستنیشانکراون. «گۆران» شاعیرێکی بەتوانای نێو ئەدەبی کوردییەو لەئاستی زمانی شیعریی وجیهانبینیی شیعردا جیاوازە لەدەنگی هاوڕێکانی، کەخاوەنی زمانێکی باڵای تایبەت بەخۆی بووە.

## بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتیی دەربارەی لیریک

### پاری یەکەم: چەمک، زاراوە و ناساندن:

#### ا- چەمک و زاراوە:

کاتێک بمانەوێت ئاشنایەتییمان بۆ هەر باسێکی ئەدەبیی، یان زانستیی و پرسە جیاوازەکانی دیکەی نێو دنیای زانست، ئەدەب و ئایین و ...تاد بۆ درووست بێ ئەوە سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەمک و زاراوەی ئەو باسەی قسەی لەسەر دەکەین. تا ناساندنی سەرەتاییمان نەبێت، ناتوانین بگەینە هەرەمەکانی دیکەیەوە.

((زاراوەی لیریک لە وشەی یۆنانیی (Lyra)وە هاتووە. (Lyra)یش ئامێرێکی مۆسیقا بووە، شیعری بە گۆرانییەوە پێ وتراوە)). (هالبێرگ،٢٠١٠:ل٣٦) وەک لامان ڕوونە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان بنچینە و بنەوانی دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی یۆنانی مەزن، لیریکیش بە هەمان شێوە بنەوانی بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لە بنەوانی ئەم ژانرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەندیی و پێوەستیی بە موزیکەوە هەیە، بۆیە لەنێو ئەدەبیاتی کوردییدا زیاتر ناساندنی بە (شیعری گۆرانیی) هاتووە. (شیعری خودیی) و (شیعری ویژدانیی)شی پێ دەگوترێت.

لە ڕیشە ناساندنی ئەم ژانرەوە بۆکوردیی دەگەین بە سێ واتای پێوەست بە یەکەوە، بەڵام بۆ وردەکاریی زیاتر، وردتر شیکردنەوەمان بۆ هەر یەکێکیان دەبێت. کاتێک پێی دەڵێین (شیعری گۆرانیی) کەواتە بە شیعرێک دێتە بەرچاومان ئاوازدار بێت، هەستمان بجوڵێنێت.((لە پێناسەی لیریکدا بەردەوام ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبەرچاو گیراوە)).(عەبدوڵا،٢٠٠٨:ل١١٧) لەبەرئەمە هەرکات باسی لیریکمان کرد دەبێ ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبیر نەکەین، ئیتر چی ئاوازی ناوەوەی شیعر بێت یان ئاواز و ڕیتمی دەرەوەی شیعر. هەروەها زمانی لیریکیش جیاوازە لە زمانی جۆرەکانی تری شیعر((زمانی لیریک تایبەتمەندیی فۆنەتیکیی مۆسیقایی هەیە)).( هالبێرگ،٢٠١٠:ل٣٨) ئەم جۆرە لە زمانی شیعر کەشێکی ئاهەنگدار بە دەقەکە دەبەخشێت. هەست و دەروونی خوێنەر تێیدا جۆش دەدات. هەر ئەمەشە وای کردووە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی لیریک زۆرتر بکرێن بە گۆرانیی.

لیریک وەک (شیعری ویژدانیی)یش ناس کراوە.((بەو شیعرانە گوتراوە کە لەنێوان هەرسێ ڕەگەزی (هزر، خەیاڵ، هەست)دایە،ڕەگەزی هەست بنەڕەتیترینیانە،شاعیربەچاوێکی سۆزدارییەوەلەجیهان دەڕوانێت)).(انوشە،١٣٨٠:ل٢٩٣) ڕەگەزی هەست وەک دەروونێکی واڵای مرۆڤ کە پێوەستە بە ویژدانی کەسییەوە لەنێو ژانری لیریکدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر ئەمەشە وا لەخوێنەر دەکات زیاتر بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە لە شیعر ئاسوودە ببێت. شاعیر دەروونی خۆی واڵا دەکات، دەروون واڵا کردن کەشێکی ڕۆحیی درووستدەکات، ئەم کەشە ڕۆحییە سەر بۆ هەست و سۆز دەکێشێ، بۆیە شاعیری لیریک هەمیشە جیاواز لە شاعیرانی دی سۆز و هەست بەسەریدا زاڵ بووە و لەنێو دەقەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

لیریک وەک (شیعری خودیی)یش ناس کراوە((شاعیر لە شیعری لیریکدا بە جێناوی (من) قسە دەکات. هەست و نەستە پەنگخواردووەکانی دەردەبڕێت. خوددیەتی شاعیریش بریتی نییە لە نەرگسیەت و خۆشەویستیی شاعیر بەڵکو هەڵچوونێکی ڕاستەوخۆی ویژدانی شاعیرە کە لە کلاوڕۆژنەی وشەکانەوە کۆمەڵ و تاکێتییەکەی دەتوێتەوە، ون دەبێت و دەبێتە بەشێک لە گشت)).(ڕەسوڵ،١٩٨٩:ل٢٨) لە شیعری لیریکییدا زۆرترین جێناو بەکاربێت، جێناوی (من)ە، بەڵام منێک نا بە واتای کەسێکی خۆپەرست، منێک بەو واتایەی هەست و نەستەکانم

والا دەکەم. منێک وەک سەنتەر، بەڵام کام سەنتەر؟ ئەو سەنتەرەی کە دەتوێمەوە بۆ گشت، دەتوێمەوە بۆ خوێنەر و گوێگر، هەر لەبەر ئەمەیە کاتێک دەقێکی لیریکی دەخوێنیتەوە دواتر دەڵێیت «ئەڵێی بۆ من نووسراوە!» بەو شۆڕبوونەوەیە لە دەروونی شاعیرەوە بۆ منی خوێنەر، ئەو هەستەمان لا درووست دەکات.لێرەوە دەگەینە ئەوەی کاتێک واتا بە زاراوە و بنەوانی لیریک بۆ کوردیی دەبەخشین، کۆی ئەو سێ واتایەی پێی ناسکراوە پێوەندییەکی تەواویان چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێکەوە هەیە. هەر ئەمەشە وای کردووە ناوی جیاوازی لە ئەدەبیاتی کوردییدا بۆ بەکاربێت. ئەم جیاوازییەش جێی نەنگیی نییە، بەپێچەوانەوە ئەمە دەوڵەمەندیی زمانی کوردیی دەردەخات.

**ب- پێناسە:**

لەڕاستیدا نەک بۆ ئەم باسە بۆ زۆربەی باسەکانی تر لە کۆی هەموو ئەدەبیات و زانستەکاندا کاتێک دێینە سەر باسی پێناسە، وەستانێک ڕوو دەدات. ئەم وەستانە سەر بۆ ئاڵۆزیی و ناجێگیریی دەکێشێت. ئاڵۆزیی بۆ ئەوەی سەرنجی جیاوازی لە سەرە و ناجێگیرییش بۆ ئەوەی ناگەین بە ئەنجامێک و هەمیشە لە جووڵە و نوێبوونەوە دایە. ئەمەش بۆ خۆی سرووشتی هەموو باسێکە، کەواتە ئەم ئاڵۆزیی و ناجێگیرییە پرسێکی ئاساییە و هەمیشە هەبووە.ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کاتێک (پێناسەی لیریک) دەکەین ئەوە هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر بۆچوونی ئەدەبناسان چونکە ئەوەی هەبووە تا ئێستا پێناسەیەکی جێگیری نییە، بۆیە لەکۆتاییدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسی لیریک بکەین.

«دۆبرۆلیۆبۆڤ»بەم شێوەیە پێناسی لیریک دەکات((بریتییە لەو ساتەوەختی گوزارشتکردنەی کە ڕەنگدانەوەی ناوەکیی شاعیرە لەسەر هەستەکانی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ)). (ئەبوبەکر،٢٠٠٧:ل٥٣) لێرەدا ئەم ئەدەبناسە لە ڕوانگەی (ویژدانییەوە/هەستەوە) ئەم پێناسەیەی گەڵاڵە کردووە و لیریکی پێ ناساندووە. ئەم پێناسەیە بەشی خۆی گرینگیی تێ دایە و لە هەمان کاتیشدا کەموکوڕیی تێ دایە. گرینگیی تێدایە چونکە ئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی لە ژانری لیریک بنۆڕێت؛ دەبێ باس لە دەروون و هەست وەک دوو ڕەگەزی گرینگی ئەم ژانرە بکات. کەموکوڕیشی تێدایە چونکە بەشێوەیەکی گشتگیر باسی لێوە نەکردووە و ئاواز و ڕیتمی لە پێناسەکەیدا وەلاوە ناوە.

«لارش ئیلیستروم» لە کتێبی (شیکاریی لیریکدا) دەڵێت:((لیریک و موزیک بە زۆر شێوە لێکدەچن. دەتوانین پێناسەی مۆسیقا بەوە بکەین کە ئاوازێکی ڕێکخراو/سازکراوە ئەم پێناسەیەش زۆرجار نەک هەمیشە، دەتوانین بۆ لیریکیش بکەین)).( هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٤٥)لێرەدا ئەم ئەدەبناسە لە ڕوانگەی ڕیتم، ئاواز و موزیکەوە پێناسەی ژانری لیریکی کردووە و پێی ناساندووین. سەرەتا هەستاوە بە پێناسەی موزیک، لە کۆتاییشدا دەڵێت، بۆ پێناسی لیریکیش گونجاوە. پێی وایە لیریک و موزیک بە زۆر شێوە لێک دەچن. وەک چۆن موزیک دەنگی سازکراو و ڕێکخراوە، بە هەمان شێوە لیریکیش دەنگی سازکراو و ڕێکخراوە. ئەمە تا ئەو شوێنە گرینگە کە پێمان وایە لیریک شیعری گۆرانییە و لە ڕوانگەیەکی تەسکەوە لێی بنواڕین، بەڵام کاتێک فراوانتری دەکەین کەموکوڕی تێدایە و بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسی بۆ نەکردووین. درووستە کە شیعر پێوەستە بە موزیک، گۆرانیی، ئاواز و ڕیتمەوە بەڵام ناکرێت لایەنی (ویژدانیی و خوددێتیی) ئەم جۆرە لە شیعر لە پێناسەیدا باس نەکرێت.

هەرچی «لامارتین و دۆمۆسێ»یە لە ڕوانگەی خوددێتییەوە پێناسەی لیریک دەکەن و دەڵێن:((شیعری لیریکی ئەو شیعرەیە کە شاعیر خوددێتی خۆی تێدا بەیان دەکات.)).(مەولود ونازم،٢٠١٨:ل١٣٣) پێیان وایە شیعری لیریک کەسییە و تایبەتە بە خود، تایبەتە بە هەستەکانی شاعیرەوە، تایبەتە بەو جیهانەی کە شاعیر لەنێوی دایە. ئەمە بۆ خۆی دوو ڕووگەی هەیە: ڕووگەیەک ئەوەیە، بەڵێ درووست وایە ئەم جۆرە لە شیعر پێوەستە بە هەستە دەروونییەکانی خودی شاعیرەوە (خوددێتییە)، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ئەم هەستە والا دەکرێت و ورد دەبێتەوە بۆ گشت، بۆ خوێنەر، بۆیە لەم کاتەدا لە موڵکێتیی خودەوە شێوەی گشتیی وەردەگرێت. ڕاستە هەرکەسە و موعاناتی تایبەتیی خۆی هەیە بەڵام پێکڕا هەمووشمان موعاناتی گشتییشمان هەیە. وەک چۆن شاعیر هەستی خودێتیی ڕەشبینیی بەیان دەکات، بە هەمان شێوە من وتۆی خوێنەریش ئەو هەستە ڕەشبینییەمان هەیە. وەک چۆن شاعیر هەستی گەشبینانەی هەیە، من و تۆی خوێنەریش هەمانە. نائومێد دەبێ، نائومێد دەبین. خۆشیی دەردەبڕێ، خۆشیی دەردەبڕین و ...تاد، کەواتە ناکرێت تەنها ئەم جۆرە شیعرە لە

ڕووگەی خودی شاعیرەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو پرژی دەهاوێ بۆ گشت، بۆ من وتۆی خوێنەر و گوێگریش. ڕووگەیەکی دیکەشیان ئەوەیە، بەڵێ درووستە ئەم جۆرە لە شیعر پێوەستە بە هەستە دەروونییەکانی خودی شاعیرەوە (خوددێتییە)، لێرەدا هەست و سۆز وەک لایەنێکی ویژدانییش بەلاوە نەنراوە، بەڵام ناکرێت بە پێناسەیەکی گشتگیری دابنێین چونکە لایەنی ڕیتم و ئاوازی بەلاوە ناوە و باسی لێوە نەکردووە. لێرەدا لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی ژانری لیریکمان خستەڕوو،بەشێکی زۆر لە تەواوی و ناتەواوییمان دەستنیشان کرد. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە پێناسەیەکی گشتگیرە.ژانری لیریک: (ئەو جۆرەیە لە شیعری سازکراو کە دەربڕی دەروونی ناوەوەی شاعیرە و واڵا دەبێ بۆ گشت، ئەمەش هەم خوددێتی شاعیر بەیان دەکات و هەم ڕەنگدانەوەشی لە دەروونی خوێنەردا دەبێت).

پاری دووەم: لیریک لە ڕوانگەی ئەدەبناسان، لێکۆڵەر و بیرمەندانەوە

هەموو ژانر و بابەتێک سەرنجی جیاوازی ئەدەبناس و بیرمەندانی لەسەر هەبووە. هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی ئەو ڕێباز و میتۆدەی هەیانبووە یان بڕوایان پێی هەبووە و لەسەری ڕۆشتوون سەرنجی خۆیان لەسەر داوە. ئەمەش بۆ خۆی پرۆسەیەکی تەواو ئاساییە و بگرە هەر بابەتێک زیاتر قسەی لەسەر بکرێت و ڕەئی جیاوازی لەسەر بدرێت ئەوە دەوڵەمەندیی و کاریگەریی ئەو بابەتە دەر دەخات. لیریکیش وەک جۆرێک لە شیعر و ژانری ئەدەبیی هەمیشە لەلایەن ئەدەبناس و بیرمەندانەوە سەرنجی جیاوازی لەسەر دراوە و کەوتووەتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و میتۆدەکانیانەوە.لێرەدا بەپێویستی دەزانین دابەشکارییەک بۆ ئەم تێڕوانینە جیاوازانە بکەین. ئەم دابەشکارییەش خۆی لە چەند ڕوانگەیەکەوە دەبینێتەوە: ١- لە ڕوانگەی خوددێتییەوە ٢- لە ڕوانگەی ویژدانییەوە - هەست و دەروون ٣- لە ڕوانگەی شیعری گۆرانیی - ئاواز و موزیک ٤- لە ڕوانگەی هاوبەشەوە

١- لە ڕوانگەی خوددێتییەوە

بەشێک لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە خود و تاکە کەسەوە، پێوەستە بە ناخی شاعیرەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ منی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی چەند بیرمەند و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

وەک هەمیشە بۆ سەرەتای هەر باسێک دەگەڕێینەوە بۆ یۆنان، ئەرستۆ دەربارەی لیریک دەڵێت((شاعیر لەگەڵ دەربڕینی هونەریی خۆی دەمێنێتەوە و هەرگیز ڕووخساری خۆی ناگۆڕێت)).( هالبێرگ،٢٠١٠:ل٣٦) لەم بۆچوونەی ئەرستۆوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیری لیریک پێوەستە بە خوددێتی خۆیەوە و ئەو دەربڕینە هونەرییەی کە بەیانی دەکات لەگەڵ خودی شاعیر دایە و هەرگیز ڕووخساری خۆیشی لەو دەقەدا ناگۆڕێت. بەو واتایەی خۆی بەشێکە لە دەقەکە و دەقەکەش بەشێکە لەئەو. هەر ئەمەشە وای کردووە بەشێک لە ئەدەبناسان شاعیری لیریک بە خۆپەرست ناو ببەن، هەروەها لەم بارەیەوە هیگڵیش دەڵێت:((ئەو (واتە شاعیری لیریکی) دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێ و بەدوای ڕاچەنین و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا بگەڕێ. چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشە و دڵ و گیانی ببەستێ. لێرەدا مرۆڤ (شاعیر) لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە، لەکاتێکدا شاعیری ئێپیک خزمەتی ناوەڕۆکێک دەکات کە پەیوەندیی بە خۆیەوە نییە بەڵکو بە پاڵەوانەکەیەوەیەتی)).( هالبێرگ،٢٠١٠:ل٤٤)، «هیگڵ» پێی وایە کە شاعیری لیریک بۆ ئەوەی دەقێک بەرهەم بهێنێت دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆبچێ. لەجیات ئەوەی پشت بە ئەم و ئەو ببەستێت، با چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشە و دڵ و گیانی خۆی ببەستێت. هیگڵ زۆر بە ڕوونیی کەوتووەتە ئەو بەرەیەوە کە پێی وایە لیریک لە خودێتی بوونی شاعیرەوە سەر دەردەکات، هەر بۆیە دەڵێت «شاعیر لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا، خۆی دەبێتە بەرهەمەکە» کەواتە ژیانی ناوەوەی شاعیر بۆ خۆی بەرهەمەکەیە، شاعیری لیریک هەوڵنادات لە بری من و تۆ بیر بکاتەوە و باس لە ئازار و خۆشییەکانمان بکات بەڵکو بەنێو ناخ و خوددێتی خۆیدا دەگەڕێت. ئەوە من و تۆی خوێنەرین خۆمانی تێدا دەبینینەوە یان نا، بەڵام هەموو دەربڕینێک کە چووە سەر کاغەز و ڕووپەلەوە تایبەتمەندی ئەوەی بۆ درووست دەبێ کە لە خوددێتییەوە پەرش ببێ بۆ گشت، هەر لەبەر ئەمەیە ناکرێت بڵێین شاعیری لیریک تەنها موڵکی خۆیەتی! ڕاستە لە خوددێتی خۆیەوە دەنووسێت بەڵام سەرئەنجام بۆ گشتە و بڵاو دەبێتەوە، من و تۆیش وەک شاعیر مرۆڤین و دەکرێت خۆمانی تێدا ببینینەوە!

لە کتێبی (چەشنە ئەدەبییەکان)دا هاتووە، باس لە سەرنجی ئەدەبناس «ف.ل. سکڤۆزنیکوڤ» دەکات و دەڵێت:((لەم جۆرەدا شاعیر

چەند گرنگیی بە لایەنی بابەتیی بدات و تیایدا بڵاو ببێتەوە، هێشتا هەر بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەناو موعاناتی کەسیی و لە چوارچێوەی تێڕوانینێک لە تێڕوانینەکانی ناوەوەی شاعیردا دەمێنێتەوە)).(ئەبوبەکر،٢٠٠٧:ل٥٣)لە سەرەتای ئەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژانری لیریک و شاعیری لیریک خاڵیی نییە لە لایەنی (بابەتییبوونەوە) ئەمانیش بەشێکن لە کۆمەڵ، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە شاعیری لیریک بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەناو موعاناتی خودی خۆیدا بمێنێتەوە و لە تێڕوانینەکانی خۆیدا دەرنەچێت. خود سەنتەرە، دەبێت کۆمەڵگەش لای گرینگ بێت. گەر بە تەنها خوددێتی خۆی لا مەبەست بێت و گرینگیی بە کۆمەڵ نەدات ئەوە ئەوکات ئەو پێوەندییە گیانییەی لەنێوان شاعیری لیریک و کۆمەڵدا هەیە، لاواز دەبێت.

یەکێکی تر لەو ئەدەبناس و بیرمەندانە (شیلینگ)ە، کە لە وانەکانیدا سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر لە ساڵی (١٨٠٣)دا دەڵێت:((شیعری لیریکی بە باڵادەستیی خودی شاعیر جیا دەکرێتەوە، زۆرترین تایبەتمەندیی و تاکایەتیی لە ژانرەکانی دیکە تێدایە، بەڵام لە شیعری داستانیدا شاعیر بۆ بابەتێتی بەرز دەبێتەوە، لە کاتێکدا شیعری درامی ئاوێتەیەکە لە شیعری لیریکی و داستانی، ئاوێتەی خود و بابەتە)).(مەولودونازم،٢٠١٨:ل٥٠) شیلینگ جیاوازی نێوان سێ جۆر لە شیعرمان بۆ دەردەخات. ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرینگە ئاماژەی پێ بکەین (لیریک)ە، ئەمیش هەر لە ڕوانگەی خوددێتییەوە تەماشای لیریک دەکات. پێی وایە بۆ ئەوەی شیعرێک لە شیعرێکی تر جیا بکەینەوە ئەوە بە باڵادەستیی خودی شاعیر لەنێو دەقەکەیدا جیای دەکەینەوە. ئەم باڵادەستییەی شاعیری لیریک لەنێودەقدا وا لە دەق دەکات شێوە بە پاشاییبوونێک بە شاعیر ببەخشێت، لەم ڕێگەیەشەوە شاعیر زیاتر دەتوانێت دەروونی خۆی واڵا بکات و دەقێکی ئەدەبیی باڵا بخاتەوە. هەر ئەم باڵادەستییەشە وا دەکات زۆرترین تایبەتمەندیی لەچاو ژانرەکانی دیکەدا هەبێت.

هەر لەم بارەیەوە و پێوەست بە خوددێتی بوونی لیریکەوە، د. دڵشاد عەلی دەڵێت:((ڕاستەوخۆ بەتاقیکردنەوەیەکی کەسیی دەردەبڕێ، هەر ئەمەشە لە جۆرەکانی تری دادەبڕێ، چونکە جۆرەکانی تری هۆنراوە بابەتیین و ڕاستەوخۆش باس لە موعاناتی شاعیر ناکەن)).(عەلی،١٩٩٨:ل٢٢) ئەم ئەدەبناسەی کوردیش خوددێتی بوونی خستووەتە پاڵ لیریکەوە، پێی وایە ئەم جۆرە لە شیعر ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەی کەسیی دەردەبڕێت وهەر ئەم خوددێتیی بوونەیشە جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری هۆنراوە، جۆرەکانی تری هۆنراوەی بە بابەتییبوون ناس کردووە. ئەوەی گرینگ بێت لەم پێناسەدا ئاماژەی پێ کردبێت و پێوەست بێت بە خوددێتی بوونەوە؛ ئەوەیە کە شاعیری لیریک ڕاستەوخۆ باس لە موعاناتی خۆی دەکات، بەڵام شاعیرانی دی بە چەشنی شاعیرانی لیریک ڕاستەوخۆ باسی لێوە ناکەن.

ئەوەی زیاتر لەم جۆرەدا جێی ڕەخنەی ئەدەبناسانە ئەوەیە کە،پێیان وایە ئەم خوددێتی بوونەی لیریک سنووردارکردنی دەق لێ دەکەوێتەوە و شیعرەکە بەرەو بچووکبوونەوە دەبات. هەر وەک پەروین عەبدوڵلا لە توێژینەوەکەیدا (ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکدا) باسی لێوە کردووە و دەڵێت:((سنووردارکردنی لیریک بە کەسی یەکەم و خوددێتییەوە، بچووککردنەوەی شیعری لیریکی لێ دەکەوێتەوە)).(عەبدوڵا،٢٠٠٨:ل١١٧)خۆی لە خۆیدا ئەم سنووردارکردنە بچووکبوونەوەی شیعری لێ دەکەوێتەوە، هەر وەک چۆن لە شیعری کلاسیکدا کێش و سەروا دەبوونە هۆی سنووردارکردنی شاعیر بە چەند کۆتوبەندێکەوە، ئەم کۆتوبەندانەش دەبوونە هۆی سنوورداریی بۆ شیعر، سەرەنجام سنووردارییش بچووکبوونەوە یان هیچ نەبێ لە قاڵبدانی شیعری لێ دەکەوێتەوە.

٢- لە ڕوانگەی ویژدانییەوە - هەست و دەروون:

بەشێکی تر لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە هەست و نەست، دەروون و ویژدانی شاعیرەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ هەست و دەروونی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی چەند بیرمەند و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

د. سیرۆس شەمیسا دەڵێت((هەست و سۆزە کەسییەکان بنەمای سەرەکیی ئەدەبی لیریکن)).(شمیسا،١٩٩٥:ل١١٩)ئەم ئەدەبناسە پێی وایە هەست و سۆز بنەمای سەرەکیی لیریکە، بەڵام ئەوەی لەم پێناسەیەدا جێی لێنۆڕینە دەستەواژەی (کەسییەکان)ە؛ کە ئاماژەیە بۆ خوددێتیی بوونی لیریک. دەکرێت ئەم پێناسەیە بە پێناسەیەکی گرینگ دابنێین، هەم لەو ڕووەوە کە لیریک دەگەڕێنێتەوە بۆ هەست و سۆز، هەم لەو ڕووەیشەوە کە پێی وایە ئەم هەست و سۆزە کەسییە و دەگەڕێتەوە بۆ خودێتیی بوون.

هەروەها لەم بارەیەوە ئەدەبناسی ئێرانیی د. فریشتە ناسری دەڵێت:((هۆنراوەی لیریکی تایبەتە بە هەستەکان و دونیای ڕۆحی ئێمە، چوارچێوەی ئەدەبیاتی لیریک سووتان، دەرخستنی ئازاری دابڕان، شین و واوەیلای هیجرانە)).( ناصری،١٣٩١:ل١١٦)ئەم جۆرە لە پێناسکردن خۆ دانە بە لایەکدا، ئەم ئەدەبناسە پێی وایە هۆنراوەی لیریکی تایبەتە بە هەستەکانەوە، تایبەتە بە دونیای ڕۆحەوە. ناتەواویی ئەم جۆرە لە پێناسکردن هەم یەکلاکردنەوەیەتی، هەم دڵنیایی و گشتاندن، وشەی (تایبەت) لێرەدا مەجال ناهێڵێتەوە. ڕاستەوخۆ دڵنیاییەکمان پێ دەبەخشێت. ئەمە لەکاتێکدا دەیان و سەدان ئەدەبناسی دی سەرنجی جیاوازتریان هەبووە، ناکرێت کۆی سەرنجەکانی دی لەبەرچاونەگرین. لەم پێناسەیەدا ئەوەی گرینگە و جێی ئاماژەپێکردنە لەم ڕوانگەیەوە، کە لیریک دەگەڕێننەوە بۆ دنیای هەست و ڕۆح ئەو چوارچێوە ئەدەبیاتەی لیریکە کە خۆی لە سووتان، دەرخستنی ئازاری دابڕان، شین و واوەیلا دەبینێتەوە. هەست پێوەستە بەم سیفاتانەوە، ئەوە هەست و دەروونە شین دەگێڕێ، سووتانی ناخی جاڕ پێ ئەدا، ئازارەکانی دەردەبڕێت و لەنێو دەقەکەیدا بەیانی دەکات.

یەکێکی دی لەویرمەندو ئەدەبناسانە»تیۆدۆر ئادۆرنۆ»یە، ئاماژە بە جیهانییبوونی لیریک دەکات وەک دەرکەوتەیەکی ناساختەی ناخ و دەروون، دەڵێت((شیعری لیریک، کەدەتوانێت بە جیهانیی ببێت، لەبەرئەوەیە حاڵەتێک لە ناخ و زەیندا درووست دەکات کە تیایدا بە جیهانیبوونێکی ساختە دەرناکەوێت)).( Aderno,1948:P47) لە دوو ڕووگەی جیاوازەوە لەم پێناسکردنە دەنۆڕین: یەکەم- هۆکارێک بۆ ئەوەی زیاتر شاعیرانی لیریک بە جیهانیی دەبن و دەناسرێن هی ئەوەیە دەگەڕێنەوە بۆ ناخ و دەروونی ڕاستەقینەی خۆیان و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی خستنە سەر ناخ و دەروونی خوێنەر. دووەم- بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک زیاتر جۆرە هۆنراوەیەکی ئاوازدارە و پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ موزیک و گۆرانییدا هەیە. لەم ڕێگەیەوە دەبێتە دڵخوازی هونەرمەندان و شیعرەکانیان دەکەن بە گۆرانیی، ئەمەش دەبێتە هۆی بە جیهانییبوونی شیعری لیریک و بگرە شاعیریش.

هەروەها ئەدەبناسی ئێرانیی (پور نامداریان) لیریکی پێوەست کردووە بە دۆخی دەروونی وڕۆحی شاعیرەوە، دەڵێت: ((ژانری لیریک بە پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی شیعرەوە بابەت و ناوەڕۆک ڕۆڵی زاڵ و ئاشکرای نییە، ئەوەی زیاتر لە لیریکدا ئاشکرایە دۆخی دەروونی و ڕۆحی شاعیرە بەرانبەر بە دیاردەکان)).(پورنامداریان،١٣٨٦:ل١٦) ئەم ئەدەبناسە پێی وایە لیریک جیاوازە لە جۆرەکانی دیکەی شیعر، بە هۆکاری ئەوەی پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی شیعرە، لە لیریکدا هێندەی گرینگیی بە دۆخی دەروونی و ڕۆحی شاعیر دەدرێت، هێندە گرینگیی بە ناوەڕۆک و بابەت نادرێت. ئەمە لە کاتێکدا جۆرەکانی دیکەی شیعر زیاتر گرینگیی بە ناوەڕۆک و تێما دەدەن تا هەست و دەروونی خۆیان. ئەوەی زیاتر لەم جۆرەدا جێگەی ڕەخنە و تێبینییە ئەو گرینگییە زۆرەی شاعیرانی لیریکە کە بە هەست و دەروونی خۆیانی دەدەن و بەو ئەندازەیە گرینگیی بە لایەنەکانی تری دەق (بەتایبەت لایەنی ناوەڕۆک و بابەت) نادەن.

٣-لە ڕوانگەی شیعری گۆرانیی - ئاواز و موزیکەوە:

بەشێکی تر لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە مۆزیک و ئاوازەوە، پێوەستیان کردووە بە دونیای گۆرانییەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ئاوێزانبوونەی لەگەڵ مۆسیقادا هەیەتی،بۆئەم مەبەستەش سەرنجی چەند توێژەر، فەیلەسوف و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ ئەرستۆ))هەرچەندە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر - Poetic)ەکەیدا ناوی لیریک ناهێنێت، کە ئەمەش توێژەرانی هانداوە سەبارەت بە ناو نەهێنان و باسکردنی لیریک لای ئەرستۆ بۆچوونی جیاوازیان هەبێت. هەندێک توێژەر پێیان وایە ئەرستۆ باسی لیریکی نەکردووە لەبەرئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانەو بە شیعری سەربەخۆی نەزانیوە چونکە ئەو مەبەستی بووە لێکۆڵینەوە لەو بەرهەمانە بکات کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕن)).( صورتگر،١٣٨٤:ل٧٤) ئەم توێژەرە پێی وایە ئەرستۆ بۆیە لە کتێبی پۆیەتیکادا ناوی لیریکی نەهێناوە بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێتەیە، لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ژانری لیریک پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆسیقادا هەیە تا حاڵەتی ئاوێزانبوونیان، تەنانەت وا لێکی دەداتەوە کە ئەرستۆ ژانری لیریکی بە سەربەخۆ نەزانیوە و لەگەڵ مۆسیقادا ناودێری کردووە چونکە مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوە بووە لەو بەرهەمانەی کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕدرێن،

کەواتە ئەرستۆ ژانری لیریکی لەو بەرهەمانەدا ناس نەکردووە کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕدرێن بەڵکو هەروەک مۆسیقالێی نواڕیوە. کاتێک لەم ڕوانگەیەوە باس لە لیریک وەک جۆرە شیعرێک پێوەست بە مۆزیک و گۆرانییەوە دەکەین، جگە لە کێش وسەروا، مۆسیقای ناوەوەیشمان هەیە ، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە باس لەو پێوەندییە بکەین لەنێوان لیریک و ئەدەبی فارسییدا لەسەر بنەمای مۆسیقای وشەکاندا هەبووە. مۆسیقای وشەکانیش بەشێکە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعر. ئەدەبناسی ئێرانیی ناسر بەهرامی دەڵێت:((لیریک لە ئەدەبی فارسییدا زۆرتر لە (سبک عراقی)دا لە ئاستی زمان و مۆسیقای وشەکاندا برەوی هەبووە)).(بهرامی،١٣٩٠:ل١١٢) کاتێک باسی مۆسیقا دەکەین، دەبێت دوو جۆر مۆسیقا جوودا بکەینەوە، مۆسیقا وەک ئەو دەنگە سازکراوانەی کە هەیە، مۆسیقاش وەک ئاوازی ناوەوەی شیعر، جگە لە کێش و سەروا ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی زیاتر لەنێوان لیریک و مۆسیقادا هەیە؛ ئاوازی ناوەوەی شیعریش بەشێکی گرینگە و ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. ناساندنی ئەم ئەدەبناسەش بۆ لیریک لە ئەدەبیاتی زمانەکەیدا لەو ڕووەی مۆسیقایە کە لە ناوەوەی شیعردا هەیە و وشەکان بەو ڕۆڵە هەڵدەستن. ئەم ناساندنەش دەڕواتە ئەو ڕوانگەیەوە کە لیریک پێوەست دەکەنەوە بە شیعری مۆزیک و گۆرانییەوە. هەروەها ئەدەبناس و پرۆفیسۆری کورد د. عێزەدین موستەفا ڕەسوڵ لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گۆرانیی هۆنراوەیەکی بچووک و کورتە و لەڕووی ژانرەوە بەشێکە لە لیریک)).(ڕەسوڵ،٢٠١٠:ل٦٨) ئەم جۆرە لە ناساندنی گۆرانیی و پێوەستکردنی بە لیریکەوە بۆ خۆی ئەو پێوندییەمان بۆ دەردەخات کە لە نێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە، گۆرانیی ژانرێکی لیریکە.

٤- لە ڕوانگەی هاوبەشەوە:

سەرنج و بۆچوونی توێژەر و ئەدەبناسان لەمەڕ پێناس، باس و ناساندنی لیریکەوە لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە شیمان کردەوە. ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆ باسکردن دەمێنێتەوە خستنەڕووی پێناسە و ناساندنێکی هاوسەنگە کە تیایدا هەوڵبدات بەشێوەیەکی ورد و زانستییانەتر لە کۆی هەر سێ ڕوانگەکەوە لیریکمان بۆ پێناس بکات.

«پەروین عەبدوڵڵا»لەسەر هەر سێ بنەمای (خوددێتیی، ویژدانیی و گۆرانیی)ەوە لیریکمان بۆ ناس دەکات و دەڵێت:((لە پێناسەی لیریکدا بەردەوام ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبەرچاو گیراوە چونکە ڕیتم و ئاواز ڕۆڵی پەیوەندیسازی بە دەروون و زمان و حاڵی خود و ویژدانی شاعیرەوە دەگێڕێت)).(عەبدوڵا،٢٠٠٨:ل١١٧) دەکرێت بڵێین پێناسەیەکی زانستیی و درووستە لەسەر سێ بنەمای سەرەکیی ژانری لیریک. لە سەرەتای پێناسەدا باس لەوە دەکات کە لە شیعری لیریکییدا بەردەوام ئاواز و ڕیتم ڕۆڵی بەردەوامییان هەبووە (ئەمە وەک بنەمای گۆرانیی)، لە پاش ئەمەیشەوە پێی وایە ئەم ڕیتم و ئاوازە ڕۆڵی پێوەندییسازیی بە دەروون و ویژدانی شاعیرەوە دەبینێت (وەک بنەمای ویژدانیی)، ئەمەش بۆ خۆی ئەو هەستە دەروونییە ئاوازدارییە لە دەقدا درووستدەکات کە جیاواز لە جۆرەکانی دیکەی شیعر خوێنەری پێ ڕادەکێشێت. هەربۆیە شیعری لیریکی لەو جۆرەی شیعرە کە بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی لە دەروونی خوێنەردا درووست دەکات بنەمای ڕیتم و ئاوازدارییە شیعرییەکەیشی وا لە خوێنەر دەکات ڕایکێشێتە ناو دەقە شیعرییەکەوە و جێژی لێ وەربگرێت. هەروەها پێی وایە هەر ئەم ڕیتم و ئاوازە ڕۆڵی پێوەندییسازیی بە حاڵی خودی شاعیرەوە دەگێڕێت (ئەمەش وەک بنەمای خوددێتیی)، بۆیە دەتوانین بڵێین هەرسێ بنەماکە پێوەندییەکی بتەویان پێکەوە هەیە.

پاری سێیەم: پێوەندی لیریک بە موزیک و گۆرانییەوە

ئەدەب هونەرە و هونەریش ئەدەبە، هەمیشە ژانرە ئەدەبییەکان پێوەندی و تێکەڵاوییان لەگەڵ هونەردا هەبووە و هونەریش بە هەمان شێوە ئەو پێوەندییەی هەبووە. هەندێک جار وا ئامێتە دەبن، پسپۆڕانی بواری ئەدەب و هونەر جودای ناکەنەوە، یان پێکەوە دەیانناسێنن و پێناسیان بۆ دەکەن.

پێوەندییەکی تەواو بتەو لەنێوان ژانری لیریک و موزیک و گۆرانییدا هەیە، ئەم پێوەندییەش هەم مێژووییە و هەم نزیکایەتیی بنەماکانیانە لە یەکەوە.

سەرەتا با بزانین موزیک و گۆرانیی چییە؟

موزیک چییە؟

((موزیک هونەرێکی جیهانییە، هەر نەتەوەیەک بەپێی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خۆیان گوزارشتی بۆ دەکەن. بۆیە موزیکی هەر نەتەوەیەک زادەی تاکەکانێتی و مۆرک و سیمای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر پێناسەیەکی پوختی ئەم هونەرە بکرێت ئەوا بە پشتبەستن بە تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە پێناسەیان بۆ موزیک کردووە؛ دەتوانرێت پوختەکەی بەم جۆرە بێت: موزیک هونەری بەیانکردنی هەستەکانی مرۆڤە لە بۆتە [Form]ی دەنگدا و وابەستەی هەستە خودییە دەروونییەکانێتی. گوزارشتی ئەم هونەرە بە (ئاواز، هارمۆنی، بەرزی و نزمی دەنگ، ڕیتم، تیمبەر، ئارتیکولەیشن) وابەستەیە)).(حەمە،٢٠١٧:ل١٩) پێش هەموو شتێک موزیک زانستە وەک هەر زانستێکی تر، بەڵام کاتێک باس لە موزیک دەکەین نابێت لایەنە هەستیی و ڕۆحییەکان لە یاد بکەین. موزیک ڕەنگدانەوەی هەست و ڕۆحی مرۆڤە؛ کاتێک گوێ لە موزیک دەگرین ئەوە هەست و ناخە پێی جۆش دەدات. موزیک وابەستەی ڕۆحە، هەر بۆیە نووسەری دیاری ئەمەریکیی جەیمس جۆن پێی وایە:((موزیک زمانی تایبەتی ڕۆحە)).(حەمە،٢٠١٩:ل١٨) وەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان هەیە، بەو چەشنەش پێویستی بە موزیک هەیە. ڕۆح وەک گەدە پێویستی بە خۆراکە، بەڵام کام خۆراک؟ خۆراکی لایەنە ڕۆحییەکان، موزیک یەکێکە لەو لایەنانە.

گۆرانیی چییە؟

لە فەرهەنگی زمانی کوردیی (فەرهەنگی ئاناهیتا)دا بەم شێوەیە پێناس/ناساندنی بۆ گۆرانیی کردووە((بە ئاهەنگێک دەگوترێت؛ نووسراوێک ئاوازی بۆ دانرابێت و گۆرانیبێژیش تێکستەکە لەسەر خشتەی مۆسیقی بخوێنێت)).(فەرهەنگی ئاناهیتا) کەواتە گۆرانیی لەسەر چوار بنەمای سەرەکیی پێکدێت، ئەوانیش: (تێکست، ئاواز، ئامێری مۆسیقی و سترانبێژ)ە.

هەروەها گۆرانیی لە سەردەمێکی زۆر کۆنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە پەیدا بووە،هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیشی هەرەوەزیی و کاری بە کۆمەڵی مرۆڤ وهەندێک جاریش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئایینیی و دەوترێت گۆرانیی ئایینیی کۆنترین جۆری گۆرانییە.

لەلایەکی دیکەوە گۆرانیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەروون و ناخی مرۆڤ هەیە، چ بە لایەنە نائومێدیی و خەماوییەکەی یان لایەنە گەشبینیی و خۆشییەکەیەوە. بە هەمان شێوەی موزیک؛ گۆرانییش وەک خۆراکی ڕۆح ناوزەند کراوە.

پێوەندیی لیریک بە موزیکەوە

وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، لیریک و موزیک پێوەندییەکی ئامێتەیی و تێکەڵاویان پێکەوە هەیە. ئەم پێوەندییەش هەم پێوەستە بە لایەنە مێژووییەکەیانەوە و هەم لایەنی بنەما هاوبەشەکانیانەوە. کەواتە ئەم پێوەندییە سەرەتاکەی بۆ ڕووە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە و زاراوەی لیریک لە ئامێرێکی مۆسیقییەوە هاتووە. کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی هەر زاراوەیەک، بنەوانیمان بۆ دەردەخات. بنەوانی لیریکیش پێوەندی بە هونەری موزیکەوە هەیە. وەک چۆن لە مۆسیقادا ئاوازێکی ڕێکخراو هەیە و ئەم ڕێکخراوییەش تا کۆتایی تەواوبوونی موزیکێکی سازکراو بە گوێگر دەبەخشێت، بە هەمان شێوە دەکرێت زۆر جاریش لیریک هەمان ئاوازی ڕێکخراوی تا کۆتایی دەق هەبێت و ڕیتمێکی ئاوازدارییانە بە گوێگر ببەخشێت.

جیاوازیی نێوان مۆسیقا و لیریک ئەوەیە کە دەنگی مۆسیقا لە زۆر جوغزی فراواندا مانایەکی بە یاسا و ڕێسا چەسپاوی هەیە. زمانی مۆسیقا بە وشە ڕوون ناکرێتەوە بەڵکو لە ئاستێکی باڵادا بە هەست و سۆز و کەشوهەوایەک دێتە پێشەوە، بە ڕیتم و میلۆدیی دینامیکی کە بە جیاوازی و بەش بەشبوونی ئاواز بنیات دەنرێت. لەلایەکی ترەوە زمانی لیریک زۆربەی کات لە وشە پێکدێت، لە زمانی ئاخاوتندا یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە. سەرباری ئەو پێوەندییەی کە هەیە، لارش زۆر بەڕوونی جیاوازیی نێوان لیریک و مۆسیقامان بۆ دەردەخات. مۆسیقا لە دەنگ پێک دێت. مۆسیقا لە ڕیتم، میلۆدیی و ئامێرە جیاوازەکانی ژەنین ساز دەکرێت، بەڵام لیریک بەوشێوەیە نییە، لیریک لە وشە پێک دێت. لیریک ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعر، وێنەی شیعریی و لایەنە بە وشە دەربڕاوەکانی دیکەی شیعر سازی دەکات. ئەوەی لەم بۆچوونانەی لارشدا جێی ڕەخنە و تێبینییە، ئەم بەشەیەتی کە پێی وایە لیریک (لە زمانی ئاخاوتندا یاسا و

ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە)، ئاسایی چ لە زمانی نووسین و چ لە زمانی ئاخاوتنیشدا لیریک یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی هەیەتی. ئەمەش کەموکورپی لیریک دەرناخات، بەپێچەوانەوە، خۆی لیریک ئەم دۆخە دەخوازێت. کەمتر ڕەچاوی ئەم یاسا و ڕێسایانە دەکات چونکە لە لیریکدا لادانی ڕێزمانیی و واتایی زۆر هەیە، هەموو ئەم لادانانەش بۆ خزمەتی ڕیتم و ئاوازی دەقە، ئیتر چ ئاوازی ناوەوەی شیعر بێت یان دەرەوە. بیرمان نەچێت لیریک بە شیعری گۆرانیی ناس کراوە، بۆیە ناتوانین بڵێین بەشێوەیەکی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراو هەیەتی، بەڵکو ئاسایی هەندێک جار ڕەچاوی دەکات و زۆر جاریش ڕەچاوی ناکات.

هەر دەربارەی پێوەندی لیریک و موزیک ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر - Poetic) ئاماژەی بە ژانری لیریک نەکردووە. لەم ڕووەوە لەلایەن ئەدەبناسانەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە. هەندێک لە ئەدەبناسان پێیان وایە ئەو پێوەندییەی نێوان لیریک و موزیک هێندە ئامێتەییە ئەرستۆ لێکی جیا نەکردوونەتەوە. ئەدەبناس و شاعیری ئێرانیی لطفعلی صورتگر دەڵێت:((ئەرستۆ لە کتێبی پۆیەتیکادا باسی لیریکی نەکردووە لەبەرئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانە)).(صورتگر،١٣٨٤:ل٧٤) ئەم توێژەرە پێی وایە ئەرستۆ بۆیە لە کتێبی پۆیەتیکادا ناوی لیریکی نەهێناوە بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانە، لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ژانری لیریک پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆسیقادا هەیە تا حاڵەتی ئاوێزانبوونیان، تەنانەت وا لێکی دەداتەوە کە ئەرستۆ ژانری لیریکی بە سەربەخۆ نەزانیوە و لەگەڵ مۆسیقادا حساباتی لەسەر خواستووە.

لەلایەکی ترەوە بەشێک لە جۆرەکانی ژانری لیریک و بەشێک لە بۆتەکانی موزیک، هێندە ئامێتەییان هەیە کە لە هەردوو جۆرەکەدا هەن ((بەشێک لە جۆرەکانی لیریک و موزیک هێندە ئاوێزانن کە لە هەردووکیاندا هەن، بۆ نموونە (باڵاد، سۆنێت، ئۆپێرا..)). (عوسمان،٢٠١٨:ل٤٦) کەواتە هەموو ئەمانە ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ، مێژوویی، بنەمایی و ئامێتەییانە دەردەخەن کە لەنێوان لیریک و موزیکدا هەبووە و هەیە. بۆیە لە هیچ حاڵەکاتێکدا ناتوانین ناوی لیریک بهێنین و ئاماژە بە موزیک نەکەین، یان ناوی موزیک بهێنین و ئاماژە بە لیریک نەکەین.

**پێوەندی لیریک بە گۆرانییەوە**

پێوەندیی لیریک بە گۆرانییەوە زیاتر پێوەندییەکی تەواوکارانەیە، نە لیریک بێ گۆرانیی دەبێت، نە گۆرانییش بێ لیریک، کاتێک تێکستێکی شیعریی لیریکیی دەکرێت بە گۆرانیی ئەم هاوکێشەیەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە هەموو تێکستێکی لیریکییدا گۆرانیی هەیە و لە هەموو گۆرانییەکیشدا تێکستی لیریکیی هەیە. هەروەها لەم نێوانەشدا شاعیر هەیە، شاعیری لیریک (بەتایبەت ئەوانەی شیعر بۆ گۆرانیی دەنووسن) لەگەڵ گۆرانییدا پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە. هەر ئەم پێوەندییەیە زۆرجار وا لە شاعیرانی لیریک دەکات زیاتر لە شاعیرانی ژانرانی تر بناسرێن و ناودەنگی زیاتریان هەبێت. هەندێک جاریش ئەم ناسراوییە بەتەنها لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا نامێنێتەوە و سنوورەکانیش دەبڕێت.

لەلایەکی ترەوە پێوەندی لیریک بە گۆرانییەوە مێژووییە، چوون هەر لە سەرەتاوە بە شیعری گۆرانیی ناس کراوە. تا ئێستاشی پێوە بێت بەشێک لە ئەدەبناسان و پسپۆڕانی بواری ئەدەب ئەم ژانرە هەر بە شیعری گۆرانیی ناو دەبەن. هاوکات نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە شیعری گۆرانیی ژانرێکی سەر بە لیریکە، ئەمەش بۆ خۆی گوزارشت لەو پێوەندییە دەکات کە لەنێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە.

سەبارەت بە ڕووە بنەماییەکەی، لێکچوونێکی زۆر لەنێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە. بۆ نموونە لە لیریکدا نووسەر هەیە، لە گۆرانییشدا سترانبێژ هەیە، جیاوازییان تەنها (وشە و دەنگ)ە، دەکرێت ئەم لێکچوونە بنەماییە بە جیاوازی نێوانیشیان دابنێین! لێکچوونە لەو ڕووەوە هەردووکیان ئاوازی ڕێکخراو و سازکراو پێک دێنن، جیاوازییشە لەو ڕووەوە لیریک بە وشە دەردەبڕێت و گۆرانییش بە دەنگ. هەروەها لە لیریکدا ئاواز و مۆسیقا هەیە، بە هەمان شێوە لە گۆرانییشدا هەیە. لە لیریکدا دەق/تێکست هەیە، بە هەمان شێوە لە گۆرانییشدا هەیە.

## بەشی دووەم: لیریک لە هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا گۆراندا

## پاری یەکەم: وێنەی شیعریی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا:

گۆران شاعیری ئافرەت و جوانییە، شاعیری سروشتە. کاتێک باسی ئافرەت و جوانییەکانی دەکات، باسی ئافرەتێکی قژ زەرد، چاو شین و کەمەر تەنگ دەکات، وەک وێنەکێشێکی لێهاتوو وایە بەرانبەر تابلۆکەی وەستابێت و وێنە بکێشێت. یان کاتێک دێتە سەر وەسفی سرووشتی هەورامان، شاخە سەخت و گەردنکەشەکانی، درەنگ گەشتنی پرشنگی هەتاو بۆ ناو دێ بەهۆی بەربەستی شاخە سەختەکانییەوە، ڕێگای ناو باخەکانی و کانیی ژنانی، بە هەمان چەشن وەک وێنەکێشێکی بەتوانا وایە و لەسەر لەوحەکەی وێنە بکێشێت. هەموو ئەمانە وێنەی شیعریین و گۆران لە هۆنینەوەی هەڵبەستەکانیدا دەیانهۆنێتەوە. لەم بارەیەوە کاکەی فەلاح دەڵێت((سروشت بە تایبەتی سروشتی کوردستان، بە هەموو تەلیسمێکی جوانی و کەم هاوتاییەوە، ئافرەت بە هەموو پرشنگە دیار و نادیارەکانی جوانی و شۆخییەوە، وای لێکردبوو هەر شیعرێکی وتبێت لە دنیای ڕۆمانسیانەدا وێنە و تابلۆی کەم وێنەی شیعری کوردی بێت. هەر بەیت و شیعرێکی ئەو سەردەمە بەپیتەی دەگریت، دوای خوێندنەوە، دەڵێیت ڕاستەوڕاست لە بەردەمی تابلۆیەکی تەواو (مجسم) و زمان پژاودا ڕاوەستاویت)).(حەمە ئەمین،١٩٧٨:ل٣٩) وێنە لە شیعری گۆراندا ڕێژەی ڕەهایە، بێسنوور وێنەی شیعریی لە هەڵبەستەکانیدا خوڵقاندووە. کەم هۆنراوەی هەیە تابلۆکاریی تێدا نەکرابێت.

هەروەها جگە لەم دوو ڕووە (جوانیی ئافرەت و سرووشتی کوردستان)، شاعیر بەهۆی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەیەوە کە هەیبوو، بەهۆی ئەو ئەزموونەوە کە هەیبوو، بەهۆی گەڕان و سەفەرکردن و بینینی چەندان شوێن و وڵات، بەهۆی زیندانیکردن، مردنی منداڵ، دۆخی سەختی ژیانی و نەخۆشییەکەیەوە، هۆکارگەلێکی تر بوون بۆ درووستکردنی وێنەی جوان و داهێنەرانە لە هەڵبەستەکانیدا.

گۆران بە قۆناغ و قوتابخانەی ئەدەبیی جیاوازدا تێپەڕیوە، وەک چۆن ئەم گۆڕانە کاری لەسەر کۆی ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری شیعری شاعیر کردووە. کاریگەرییشی لەسەر ڕەگەزی وێنەی شیعریی هەبووە. وێنەی شیعریی لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژیی کە زیاتر لە کلاسیکدا بایەخ وگرنگیی هەبووە هۆنیوەتەوە. لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەشدا کە بناغەی وێنەی شیعریی بوون لە قۆناغی شیعری نوێدا. هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی گشتیی لەسەر پێکهاتنی ئەو لایەنانە بوەستین کە شاعیر وێنەی شیعریی تێدا هۆنیوەتەوە:

-وێنەی شیعریی و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی:

**١- لێکچواندن:**

یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی لێکچواندنە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((لێکچوواندن بریتییە لە چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێ، هەیانە ڕاستەوخۆ و بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بەسوودوەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان)).(عەبدوڵا،٢٠١٣:ل١٤٦) بەکورتی: لێکچواندن بریتییە لە وێکچوونی شتێک بە شتێکی تر،کە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر لەنێوان دوو شتەکەدا هەبێت. هەروەها بنەڕەتەکانی لێکچواندنیش بریتین لە: بنەڕەتی سەرەکیی (لێچوو، لەوچوو) کە پێویستە هەبن، بە نەبوونیان لێکچواندن ڕوو نادات. بنەڕەتی ناسەرەکیی (ئەوزار، ڕووی لێکچوون) بە بوون و نەبوونیان لە لێکچواندن کەم ناکەنەوە، ناسەرەکیین و بەپێی خواستی شاعیر بەشداریی پێ دەکرێن.

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی گۆران (بەتایبەت شیعرە کلاسیکییەکانی) ئەم جۆرە لە هونەری ڕەوانبێژیی تێدا بەدی دەکرێت.

نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری

وەکوو پرچت کشاوە بێ نیهایەت! (دیوانی گۆران، ل٨١)

شاعیر لێرەدا ڕاهی دووری بە پرچی کچێک چواندووە. ئەم پرچە بێ نیهایەت وەک ئەو ڕێ دوورە کشاوە. ئەمە وێنە دروستکردنی پێ دەڵێن


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەنێو شیعردا، تابلۆکاریی پێ دەڵێن. ئەم وێنە شیعرییە، شیعریەتی بە هەڵبەستەکەی بەخشیوەو لەقسەی ئاسایی وباو دووری خستووەتەوە. ئەمە ئەرکی وێنەی شیعرییە! کەواتە (پرچ) لەوچووە، (ڕاهی دوور) لێیچووە، (وەکوو) ئەوزاری لێکچوونە، (کشاندن وبێ نیهایەت) ڕووی لێکچواندنەکەیە.

**٢- خواستن:**

یەکێکی تر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی خواستنە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک لە جیاتی وشەیەکی تر، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان ئەم دوووشەیەدا هەیە. قەرینەیەکیش هەیە ڕێگری دەکات لەوەی وشە هێنراوەکە بۆ واتای درووست بەکارهێنرابێ)). (عەبدوڵا،٢٠١٣:ل١٦٦) بەکورتی: خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک لەجیاتی وشەیەکی تر، هەردوو وشەکەش پێوەندییەکی لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت بێجگە مانای دروستیی وشەکە.

لێخواستراو (لەوچوو)، بۆخواستراو (لێیچوو)، خواستراو (گۆکراو)، نیشانە (دەرخەر) پایە و لایەنەکانی خواستنن. بەشێوەیەکی گشتیی خواستنی (ئاشکرا، درکاو)یش دوو جۆری سەرەکیی ئەم هونەرەی ڕەوانبێژیین. گۆران لەم ڕێگەیەوە وێنەی تایبەت و ڕازاوەی لە هۆنراوەکانیدا بۆ خوڵقاندوین، نموونەی بەرز و کاریگەری وێنەی شیعرییمان نیشان دەدات.

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ

ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەت و خاڵ

شەڕیانە شەماڵ، پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ (دیوانی گۆران، ل٥٧)

شەماڵ: بۆخواستراو

مرۆڤ: لێخواستراو

شەڕ: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە شەماڵ (گۆکراوە)

نیشانە: ئەقڵییە، شەماڵ زیندەوەر نییە تا بتوانێ شەڕ بکات.

لێرەدا خواستنی درکاو درووست بووە. لە خواستنی درکاودا لێیچوو دەمێنێت و لەوچوو نامێنێت. مرۆڤ کە لەوچوە (لێخواستراو)ە نەهاتووە، بەڵام شەماڵ هاتووە و دەبێت بە لێیچوو (بۆخواستراو)، هەروەها شەڕ هاتووە و گۆکراوە دەبێت بە (خواستراو)، هەرچی نیشانەیە ئەقڵییە، چونکە شەماڵ زیندەوەر نییە تا بتوانێ شەڕ بکات.

شاعیر لەم وێنە شعرییەدا باسی جوانیی دەکات لە لادێ، جوانییەکە دێنێتە سەر ئافرەت، کاتێک بەرەو کانیی دەڕوات هارەی کەمەرو گوارەی دێت، کە دێتەوە بەرەو ماڵ وەکو نەسیمی شەماڵ لەنجەولارئەکات، ئەگریجەی تەڕیشی پەخش بووە بەسەر کوڵم و خەت و خاڵیدا، «شەڕ» پەیوەستی مرۆڤە و دراوەتە پاڵ شەماڵ، بەمە دەوترێت وێنەی شیعریی.

**٣- درکە:**

هونەرێکی دیکەی ڕەوانبێژییە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((درکە ئەوەیە کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستەکە بچێ)). (گەردی،١٩٧٢:ل٨٨) بەکورتی: درکە بریتییە لە بەکارهێنانی شتێک کە بۆ واتا بنەڕەتییەکەی بەکار نەهێنرێت، بەڵکو ئەو شتە واتایەکی درکاو بگەیەنێت کە پێوەندی بە واتا بنەڕەتییەکەیەوە هەبێت.

شاعیرهەروەک چۆن لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیی(لێکچواندن و خواستن)دا وێنەی شیعریی تایبەت و ڕازاوەی لە هەڵبەستەکانیدا هۆنیوەتەوە، نموونەی کاریگەر و بەرزی بۆ خوڵقاندووین. بە هەمان چەشن لە درکەشدا ئەو ئاستە باڵایەی بەدی دەکرێت.

ئەو ئیستیعمارە خوێنمژە

کە کوردکوژە، هەژارکوژە!

ئەو ئەژدیها ژارپژێنە

پاروو لە ناودەم فڕێنە (دیوانی گۆران، ل٣٠٧)

لە نیوە دێڕی سێیەمدا (ئەژدیها)ی بۆ ئیستیعمار بەکار هێناوە، ئەمەش درکەی پێکهێناوە. ئیستیعمار بە واتای داگیرکاریی دێت (وڵاتێک بەنێوی ئاوەدانکردنەوەوە داگیرکاریی دەخاتە سەر وڵات یان نەتەوەیەکی بێدەسەڵات). ئەم درکەیە وێنەی شیعریی خوڵقاندووە. ئیستیعمار ئەژدیها ئاسا ژار پژێنە، پاروەو نان لە ناودەمدا دەفڕێنێ، خوێنمژ، کورد کوژ و هەژار کوژە. گۆران هاتووە بە هونەرێکی ڕەوانبێژیی (درکە) وێنەیەکی شیعریی لە هەڵبەستەکەیدا خوڵقاندووە.

- هەروەها شاعیر جگە لەم سێ هونەرە سەرەکییەی ڕەوانبێژیی چەندان هونەری دیکەی لەنێو هەڵبەستەکانیدا بەکارهێناوە. هەر ئەمەشە وای لێکردووە سەراپا دیوانی شاعیر ئاوێنەیەک بێت، پارچەیەک بێت لە وێنەی شیعریی، بە شکانی ئەو ئاوێنەیە سەدان پارچەی تری لێ ببێتەوە و هەمان وێنە بدەنەوە! بەو واتایەی دیوانێک سەراپا لە وێنەی شیعریی.

وێنەی شیعریی و پرۆسە هەستییەکان:

مرۆڤ خاوەنی پێنج هەستە (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن و چەشتن) لە هەستەکانی مرۆڤن، جگە لەوکەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن: نابینا، کەمئەندام، کەڕولاڵ، هەستی بۆنکردن یان تامکردنیان لەدەست دابێت، ئەم مرۆڤانە ناتوانن یەکێک یان چەند هەستێکیان بەکاربهێنن، جیاواز تەماشا دەکرێن لەوکەسانەی کە خاوەن هەموو پرۆسە هەستییەکانن، هەڵبەت جیاواز لە ڕووی ئەم پرسەوە، ئەویش خوڵقاندنی وێنەیە لەنێو شیعردا. کەسێکی ئاسایی هیچ کێشەیەکی لە پرۆسە هەستییەکانیدا نەبێت و بتوانێت بەکاریان بهێنێت، بە هەمان شێوە شاعیرێکیش پرۆسە هەستییەکانی بەکاربهێنێت، جیاواز دەبێت، هەر ئەم جیاوازییەیە وێنەی شیعریی درووست دەکات. لەڕووی بەکارهێنانی پرۆسە هەستییەکانەوە ئەوەی شاعیرێکی داهێنەر و بەتوانا لە کەسێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، وێنەی شیعرییە. کەسی ئاسایی تەنها ئەم هەستانەی بەکاردەهێنێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا، سوودیان لێوەردەگرێت و هیچی تر، بەڵام شاعیرێک جگە لەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا سوودیان لێوەردەگرێت، ئەوە لەهەمانکاتیشدا دەتوانێت وێنەی شیعریی بەرز و داهێنەرانە بخوڵقێنێت.ئەم هەستانەی شاعیر بەرکەوتەی لەگەڵ دەرووبەروسرووشتدا دەبێت، ئەم بەرکەوتەیە تێکەڵ بە (ئەندێشە)ی دەکات و وێنەی شیعریی بەرز و تابلۆکاریی لە هەڵبەستەکانیدا دەخوڵقێنێت.

گۆران بە هەمان چەشنی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی لە هۆنراوەکانیدا، بەکارهێنانی پرۆسە هەستییەکانیشی لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا بەکارهێناوە. بەجۆرێک ئەندێشەی داهێنەرانەی شاعیر لە هەڵبەستەکانیدا ترۆپکە و لە ڕێگەی پرۆسە هەستییەکانییەوە وێنەی شیعریی بەرز و تابلۆکاریی جوانی بۆ نەخشاندووین، بەتایبەت لەهەردوو شیعریی(گەشت لە هەورامان، گەشت لە قەرداغ). لەم بارەیەوە لەسەر نموونەی شیعریی کۆی هەر پێنج هەستەوەرەکە دەوەستین:

**١- هەستی بینین:**

ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی

پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی؛

گڵۆپەکانی سەرجادە و کۆڵان؛

زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان .(دیوانی گۆران، ل١٢١)

ئەم دووهۆنراوەیەی شاعیرپرۆێنەی جوان ورەنگاورەنگن، سەراپا کۆی پرۆسە هەستییەکان کارا بوونە بۆ وێنەگرتن، لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتا دێڕ چەشنی کامێرامانێک وایە و گرتەی کۆی دیمەنەکانی گرتبێت. سەرەتای گەشتە و هێشتا لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ دەرنەچوونە، خەڵکی شار نووستوون و ئەمیش هەستاوە بۆ گەشتەکەی، ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی سەر شار چاوەڕێی بەری بەیانین و بۆی پێدەکەنن،

گڵۆپەکانی سەر جادە و کۆڵانەکانیش کز کز دەسووتێن و زەرد هەڵگەڕاون. کز دەسووتێن چونکە وردە وردە دنیا ڕۆشن دادێت! شاعیر لەم ڕێگەیەوە بەهۆی هەستی بینینەوە وێنەیەکی شیعریی بەرز و جوانی بۆ خولّقاندوین. بەهەمانشێوەی ئەو وردەکارییە وێنەییەی کە بە وشەکان گرتویەتی، دەتوانرێت وەک بەکارهێنانێکی هونەری جوانکاریی ڕەوانبێژییانە، دەقەکە بخرێتەڕوو، بەوەی، کە چۆن شاعیر خودی ئەستێرەکانیش دڵخۆشن بە دووبارە ڕۆژبوونەوە(هەرچەندە خۆیشیان لەناوبچن). هەروەها کزکز سوتانی گڵۆپەکانیش، بەهەمانشێوە بەهۆی ڕووناک بوونەوەی دونیا و وردە وردە هەڵهاتنی خۆرەوەیە.

**٢- هەستی بیستن:**

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!

لە چاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبری؟

کوڕی خۆم! کۆرپەڵەم! میوانی دنیای تازە خولّقاوم!

ئەدا گریەت بە زەربەی چز، لە ڕۆحی پڕ گلاراوم!

چییە ئەم گریە بێغایە، کڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟ (دیوانی گۆران، ل١٥٩)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وێنەیەکی شیعریی بەرز دەخولّقێنێت. گریان کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت دەبێتە هۆی خولّقاندنی ئەم وێنەیە. نیوەشەوە و بەهۆی گریانەوە، منداڵەکەی وەنەوزی لە چاوەکانی بڕیوە. گریان بێزاری کردووە و وەک زەربەی چزی هەنگ ئەدا بە ڕۆحی پڕ گلاراوییەوە. پرسیاری لێدەکات،هۆکاری ئەم گریە نیوەشەو خورپێنەت چییە؟ کۆی سەراپای هۆنراوەکە بە ئەندێشەیەکی بەرز و داهێنەرانە هۆنراوەتەوە. وێنەی جیاوازی تێدا خولّقاندووە کە نموونەی لە شاعیرانی پێش خۆیدا نەبووە. گریانی منداڵەکەی کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بووە بە هۆکاری هۆنینەوەی، ئەمەش چ لە هەڵبژاردنی بابەت و چ لە خولّقاندنی وێنە شیعرییە جیاوازەکانی هەڵبەستەکەدا، شتێکی نوێ و ناباو بوو.

**٣- هەستی چەشتن:**

ئەوسا کە تۆم نەدیبوو،

ژینم تاڵی و ترشی بوو

بێ شادی و ئارام،

بێ هیوا و ناکام،

ئەژیام: ژینی سەرسەری (دیوانی گۆران، ل٥٥)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی چەشتن/تامکردنەوە وێنەیەکی شیعریی جوانی خولّقاندوە. (تاڵی و ترشی) بەر هەستی تامکردن دەکەون. شاعیر ئەم هەستەی تێکەڵ بە بابەتی دڵداریی کردووە. بە (یار)ی دەڵێت تا تۆم نەناسیبوو ژینم تاڵیی و ترشیی بوو، بێ هیوا و ناکام بووم، بێ شادی و ئارام بووم، بەڵام کە تۆم ناسی ژینم گۆڕا، چەشتنی تاڵیی و ترشییم بوو بە هیوا و شادی، لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە وێنەیەکی شیعریی بەرزی خولّقاندووە.

**٤- هەستی بۆنکردن:**

لە دوورەوە چ نمایانە پێچ و سەرپۆشت!

چ زوو ئەگاتە دەماخم شەپۆلی بۆی خۆشت! (دیوانی گۆران، ل٧٤)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە وێنەیەکی شیعریی داهێنەرانەی خولّقاندوە، چونکە لە دەربڕینی (باو) خۆی دەرباز کردووە. لەجیات

ئەوەی بڵێ: چ زوو دەگاتە بەر «کەپوو»م شەپۆلی بۆنی خۆشت، لادانی واتایی کردووە و دەڵێت: چ زوو دەگاتە «دەماخ»م شەپۆلی بۆنی خۆشت، واتە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەستەکەی قووڵ کردووەتەوە. خۆی لە ڕاستیدا بۆن بەر هەستی بۆنکردن (لوت) دەکەوێت، بەڵام هەمیشە ئەرکی شاعیر ئەوەیە لادان بکات و وێنەی شیعریی بەرز بخوڵقێنێت، گۆرانیش ئەمەی کردووە.

**٥- هەستی بەرکەوتن:**

لەبەر ئەوە، ئەی قژزەردی بێگانە،

جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە،

بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،

ئەوکتێبی شیعریە داتە دەستم! (دیوانی گۆران، ل٦٦)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکی شیعریی ئێجگار جوانی خوڵقاندوە. پێش ئەم چوار نیوە دێڕە، شاعیر باس لەوە دەکات، هەر نازدارێک ناسیبێتم، بە ڕواڵەت چەند پرشنگدار و شیک بووبێت، پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بووە. کۆشی گەرم بووە، لەگەڵ ئەوەدا دەروونی ساردوسڕ، بۆیە لەبەرئەوە ئەی قژ زەردی بێگانە جیلوە (درەوشانەوە، دەرکەوتن)ی جوانیت لەبیرم چێت ئاسانە، بەڵام ئەوەی کە هەستمی ورووژاند ئەوکتێبە شیعرییە بوو داتە دەستم. واتە شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە ورووژاوە. ئەم هەست ورووژاندنەش بووە بە هۆکاری خوڵقاندنی وێنەیەکی شیعریی بەرز و جوان لە هەڵبەستەکەیدا.

- هەروەها جگە لە (تاکهەست) شاعیر لە چەندان نموونەی شیعرییدا (هەستگۆڕکێ)یشی ئەنجام داوە:

لەبەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئاگر،

دای بە تاریکیی شەوی ناو دێ دڕ (هەستی بینین)

شمشاڵ بە نالەی لەرە و لەرزەدار

دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار (هەستی بیستن) (دیوانی گۆران، ل١٢٦)

شاعیر لێرەدا هەستگۆڕکێ لەنێوان هەردوو هەستی بینین و بیستندا دەکات و وێنەیەکی شیعریی جوان دەخوڵقێنێت.

- ئەوەی زیاتر لەنێو پرۆسە هەستییەکاندا پێوەست بە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییەوە، جێگەی داهێنەرییەکی ئێجگار بەرز و هونەرمەندانەی شاعیرە، هۆنراوەی (ئاواتی دووری، ل٤٥)ە، کە تیایدا شاعیر لە تەنها شیعرێکی دوو پەڕەییدا توانیویەتی هەریەک لە هەستەکانی (بینین، بیستن، بەرکەوتن و بۆنکردن) بەکار بهێنێت و تیایدا وێنەیەکی داهێنەرانە بە هەڵبەستەکەی ببەخشێت.

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت،

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ (هەستی بینین)

ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم!

دەنگێ لە یاری دوورەوە، چی بکەم لە زیل و بەم؟(هەستی بیستن)

ئەی حیسسی شاممە! لە چاو و لە گوێچکە مەئیوسم،

بۆنێ لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسووسم (هەستی بۆنکردن)

ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو دەنگ و ڕەنگ و بۆ،

وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!(هەستی بەرکەوتن)

پاری دووەم:لادانی دەنگیی،واتایی ورێزمانیی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا

زۆربەی ئەوکاریگەریی وچێژەئیستێتیکیانەی شاعیربەرجەستەیان دەکات بۆ شیعرەکەی و بەدوایاندا دەگەڕێت بەڕێگەی لادان و دەرچوون لە

یاسا و دەستووره باوەکان بەدی دێت. لادان: کردارێکە، کە لەکاری ئاسایی و پەسەندکراو دووربێت، جیاواز لەوەی کە چاوەڕوان و پەسەند دەکرێت،لادانە لە نەریتە پەسەندکراوەکانی پێشوو.

لادان بەکارهێنانێکی زمانە لە لایەن شاعیرەوە، بەشێوەیەکی جیاوازلە هەموو ئەو شتانەی کە باو و ئاساین، تاکو سیمای داهێنەرانە بە بەرهەمەکە ببەخشێت لە تایبەتمەندێتی و هێزی سەرنجڕاکێشان. کەواتە لادان دەبێتە بنەمایەك بۆ بنیاتنانی پرۆسەی ئەفراندن و دەرکەوتنی کەسایەتییەکی داهێنەرانە. لێرەوە چەند لادانێك دەخەینە ڕوو :

**- لادانی دەنگیی:**

پێوەری لادان لە تێکستی شیعریدا ئاڵۆزە، چونکە ئەوەی لادانە لە گۆڕانی بەردەوامدایە.((لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە ڕەخنەگران بە بنەمای شعرییەتی دەزانن)).(سەعید،٢٠١٣:ل١٧) لە ئاستی دەنگدا، شاعیر چەندین شێوازی کورتکردنەوەو قرتاندنی دەنگی بەمەبەست بەکارهێناوە. ئەم دیاردەیە، گۆڕانێکە بەسەر وشەو مۆرفیمەکاندا دێت یان دەکرێت، کە لەهەندێ دۆخدا شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن. ئەم حاڵەتە لە زمانی ئاساییدا بەهەمان ئەرکی واتاییەوە دەبێت، بەڵام لە شیعردا بۆ مەبەستی جیاواز دادەهێنرێت. ((توانەوەی دەنگی یان نەگونجان لە زمانی ئاساییدا ڕوودەدات، کە دەنگێک بە کاریگەری دەنگەکانی دراوسێی بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت)).(فەتاح،٢٠١١:ل١١٥)

بە هەچ دەردێک بوو نان و چا خورا

دیسان بۆ ڕێگا ناوی خوا برا. (دیوانی گۆران، ل١٢٣)

گۆران لێرەدا (هەرچ) کردووە بە (هەچ) وە دەنگی (ر)ی قرتاندووە. ئەمە خۆی بە پلەی یەکەم (هەچ) لە ڕووی کێشەوە سووکترە تا (هەرچ).

- لادانی ڕێزمانیی:

زۆرکات لادان لە زمانی ئاساییدا هەڵە بەرهەم دێنێت، بەڵام لە شیعردا هونەر و ناسکبێژی، لۆتمان دەڵێ(( زانست لەوێوە دەستپێدەکات کاتێ لەو شتە ئاسایی و بەرچاوو مەفهوومانەدا لەپڕ شتێکی نامۆی نامەفهووم دێتە پێشەوە)).(p٣٤:١٩٧٥,Yury) ،ئەم جۆرەلادانە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ڕستە. بۆ سازکردنی پەیوەندی نوێ، کە وەك تەواوکاری جۆرەکانی تر هەوڵە بۆ جیاکردنەوەی زمانی شیعریی لە زمانی ئاسایی، چونکە لادان لە شیعردا مەبەستدارە.

لادانی ڕێزمانیی نەنگیی وکەموکورتیی ناگەیەنێ بەڵکو دەرواتە باری جوانیی دەقەوە لە شیعرە لیریکییەکانیشدا هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی ئاواز. لەبەر ئەوەی هەر زمانێک یاسا و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆڕیزبوونی کەرەستەکانی لە ڕستەدا.بۆیە شوێنی هەروشەیەک لەزماندا، وەک چوارچێوەیەکی گشتی تاڕادەیەک چەسپاوە، بەڵام لە کاتی قسەکردن و دواندندا بەپێی هەڵوێستی کەسەکە، دەشێ ئەرك و شوێنی وشەکان گۆڕانییان بەسەردا بێت، جا یان بەرەو پێش دەچن، یان بەرەو پاش. ((کاتێکیش شاعیر شیعرێك دەهۆنێتەوە، دارشتنەکەی سینتاکسی ئاسایی نییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری کێش و سەرواوە، بۆیە ناچارە ڕیزی ئاسایی وشەکانی لەژێر کاریگەری ئاواز وکێش و سەروادا تێك بدات، جگە لەمەش زۆرجار مانا وجەخت کردنیش جێگای وشەکان دەگۆڕن)).(گەردی،١٩٩٩:ل١٥٢).

بەخۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە!

بەچی مەعلووم کەچی لەو تەختی نەوچاوانەت نوسراوە (دیوانی گۆران، ل١٦٠)

لێرەدا گۆران بکەری لاداوە، هەروەها کرداری (مەگری) پێش( ئێستا)ی دواخستووە.

-لادانی واتایی:

ئەم جۆرەی لادانیش یەکێکە لە لایەنە هونەرییەکانی شیعر.چونکە لادانی شیعریی هەوڵە بۆ تێکشکاندنی فۆرمی زمانی ئاسایی و بونیادنانی زمانی شیعریی. بەڵام ((لادانی واتایی، کە تایبەتمەندیی زمانی شیعرە، دەسکاریی پەیوەندیی ناو و ناولێنراو دەکات)).(یەعقوبی،٢٠٠٥:ل٣٤).

ئەمە خاڵێکی گرنگە لە لادانی واتاییدا.

لەسەر دەریایی خوێن بوو کەشتیی عومری بەرەو مردن

ئەچوو، ئەیوت: خوا حافیز، ئەوا ئەمرم وەتەن! هەیهات (دیوانی گۆران، ل ٢٠٠)

لێرەدا لادانی واتایی هەیە، ئەمەش گۆران لادانی لە (خوێن، عومری) کردووە، بەمەش (دەریا و خوێن) و (کەشتیی و عومر) جۆرێکە لە لادان و شیعرییەتی خوڵقاندووە.

## ئەنجام:

١- ژانری لیریک ئەو جۆرەیە لە شیعری سازکراو کە دەربڕی دەروونی ناوەوەی شاعیرە و واڵا دەبێ بۆ گشت، ئەمەش هەم خوددێتی شاعیر بەیان دەکات و هەم ڕەنگدانەوەشی لە دەروونی خوێنەردا دەبێت.

٢- لە بنەوانی ئەم ژانرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەندیی و پێوەستیی بە موزیکەوە هەیە، بۆیە لەنێو ئەدەبیاتی کوردییدا زیاتر ناساندنی بە (شیعری گۆرانیی) هاتووە. (شیعری خودیی) و (شیعری ویژدانیی)شی پێ دەگوترێت

٣- شاعیر بە وێنەگەرایی جیاواز ئیستاتیکای خوڵقاندووە. وێنەی شیعریی لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژیی (لێکچواندن، خواستن، درکە و ...هتد) کە زیاتر لە شیعری کلاسیکدا بایەخ و گرنگیی هەبووە هۆنیوەتەوە. لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەشدا کە بناغەی وێنەی شیعریی بوون لە قۆناغی شیعری نوێدا، کە ئێمە لەسەر وێنەی شیعریی پێوەست بە پڕۆسە هەستییەکانی مرۆڤەوە (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن و چەشتن) وەستاوین، شیعری هۆنیوەتەوە. سەراپا دیوانی شاعیر، وێنەی شیعرییە، ئەمەش بۆخۆی توانا و سەلیقە و جوانیناسیی شاعیرمان بۆ دەردەخات.

٤- لە هۆنراوەکانی شاعیردا چەندین لادانی شیعریی بەدی دەکرێت. هەریەکە لەوانیش (لادانی دەنگیی، لادانی واتایی و لادانی ڕێزمانیی) لە سەرەکیترین ئەو لادانانەن کە شاعیر لە هۆنراوەکانیدا ئەنجامی داوە. ئەمەش توانا و شارەزایی شاعیر لەمەڕ لایەنە جیاوازەکانی هونەری شیعر و ئیستاتیکای دەق دەردەخات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان:

**کتێب بە زمانی کوردیی:**

١- ئەمین، حەمە حەمە(کاکەی فەلاح)( ١٩٧٨)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.

٢- ئەبوبەکر، هەڤاڵ(٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان ورەنگدانەوەیان لە «ژیان و ژین»دا (١٩٣٢ - ١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٣- حەمە، توانا(٢٠١٧)، موزیک و سیاسەت، سلێمانی،عێراق، چاپ و پەخشی سەردەم.

٤- حەمە، توانا (٢٠١٩)، موزیک چییە؟ سلێمانی،عێراق، چاپخانەی کارۆ.

٥- ڕەسوڵ، شوکریە(١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، عێراق،چاپخانەی خوێندنی باڵا٠

٦- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،هەولێر،عێراق،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.

٧- سەعید، ناز ئەحمەد(٢٠١٧)،لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا،سلێمانی،عێراق،بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٨- عەبدوڵڵا، ئیدریس(٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، هەولێر، عێراق، چاپخانەی منارە.

٩- عەبدوڵڵا، پەروین(٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا-کرمانجی خواروو (١٩٨٠ - ڕاپەڕین)، سلێمانی، عێراق، دەزگای سەردەم.

١٠- عەلی، دڵشاد(١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، عێراق،چاپخانەی ڕەنج.

١١- عوسمان، هەرێم(٢٠١٨)، لیریکی گۆران، سلێمانی، عێراق، چاپخانەی حەمدی.

١٢- فەتاح، محەممەد مەعروف(٢٠١١)،زمانەوانی، هەولێر، عێراق، چاپخانەی حاجی هاشم.

١٣- کەریم، محەمەدی مەلا(٢٠١٤) ، دیوانی گۆران ، تاران، بڵاوگەی پانیز.

١٤- گەردی، عەزیز(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی، بەغداد، چاپخانەی جاحظ .

١٥- گەردی، عەزیز(١٩٩٩)، سەروا، هەولێر، عێراق، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٦- مەولود، ڕێزان ساڵەح ، نازم،سەنگەر(٢٠١٨) ، ژانرە ئەدەبییەکان، هەولێر، عێراق، ناوەندی ئاوێر.

١٧- هاڵبێرگ، پیتەر(٢٠١٠) تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، سلێمانی، عێراق، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٨- یەعقووبی، عەبدولخالق(٢٠٠٥)، دەنگی بلوورینی دەق- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە،سلێمانی، عێراق، چاپخانەی ڕاز.

کتێب بە زمانی فارسی:

١٩- انوشە، حسن(١٣٨٠)، دانشنامه ادب فارسی، تهران، انتشارات وزارت ارشاد.

٢٠- بهرامی، ناصر(١٣٩٠)، فارسی عمومی، ادبیات کاربردی و ادبیات محض، تهران، نشر بانو.

٢١- شمیسا، سیروس(١٣٩٣)، انواع ادبی، تهران، نشر میترا.

٢٢- صورتگر، لطفعلی(١٣٨٤)، منظومه های غنایی ایران، تهران، دانشگاه تهران.

٢٣- ناصری، فرشته(١٣٩١)، مروری بر تاریخچه ادبیات غنایی در ایران، تهران.

کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

24- Aderno, Theodor(1948), Notes sur la litterature, paris.

25- Yury, Lotman(1975), Analaysis of the Poetic Text, USA.

گۆڤار: **بە زمانی فارسی:**

٢٦- پورنامداریان، تقی(١٣٨٦)، انواع ادبی در شیعر فارسی، مجله دانشکده ادبیات و علم انسانی، دانشگاه قم، سال اول، شماره سوم.

٢٧- ماڵپەڕی فەرمیی فەرهەنگی ئاناهیتا.